# ئازادی رۆژنامەگەری و هەندێ شتی سەیر

**ئەنوەر.س. مەسیفی/ ئایندهۆڤن ـ هۆڵەندا**



ئازادی رۆژنامەگەری کۆڵەگەیەکی سەرەکی سیستەمی دیموکراتی وڵات و کۆمەڵگەکانەو راگەیاندن و رۆژنامەگەری ئازادیش ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەڵگەکان و تاکی کۆمەڵگەکان نیشاندەدات و دەبێتە هۆی پێشکەوتنی شارستانییەت و بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری لای تاکەکان.

رۆژنامەگەری ئازاد لە لای هەندێ کەس وا لێکدەدرێتەوە کە ئازادن لەوەی چی بنووسن و چی بڵێن کەس لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەکات، ئەگەر نووسینەکانیان لە ئاست و پێوەرکانیش دەربچێت و ببێتە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەو برینداركردنی هەستی خەڵك و هەڵبەستنی ناو وناتۆرە بۆ خەڵکی، بەداخەوە هەندێ گۆڤار و رۆژنامە لە کوردستان بڵاو دەکرێنەوە لە ئاستی ئەوەدانین رێگایان پێبدرێت بڵاو بکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بڵاو دەکرێنەوەو بە ناوی رۆژنامەو گۆڤاری رۆشنبیری گشتی و ئازاد و سەربەخۆ!

هەندێ کەس کروان بە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەری هەندێ گۆڤار و رۆژنامە، بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و فەلسەڤی وا بە ناوی ئەوان بڵاودەکرێتەوە، ئەگەر بێت و هەر ئەو بابەتەی بە ناوی ئەوان بڵاوکراونەتەوە بیاندەیە دەستی خۆیان بۆ ئەوەی چەند جارێك بابەتەکە بخوێننەوە و پاشان دوو پرسیاریان لێبکەت دەربارەی بابەتەکە، ئەوا هیچی لە بارەوە  نازانن، یان ناتوانن گفتوگۆ لەسەر بابەتەکەیان بکەن، لەوانەیە مانای هەندێ وشە هەر نەزانن لەوبابەتەی کە بە ناوی ئەوانەوە بلاکراوەتەوە.

زۆر جار بۆ ئەم گۆڤار و رۆژنامانە پارەیەکی زۆر لە رێگای خزمایەتی و برادەرایەتی لە حکومەتی کوردستان یان پارتەکان وەردەگرن بۆ بڵاوکردنەوەیان ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی جدی بکرێت زۆرشت روون دەبێتەوە.

دیارە لە کوردستان بۆتە مۆدە هەر ئەوەندەیە یەکێك کەمێك بەرپرسیاریەتی وەربگرێت دەبێت خزم وکەسی خۆی و دارودەستەکەی هەموو پۆستەکان وەربگرێت، بەداخەوە هەندێ بەرێزی نووسەر و رۆژنامەنوس کراون بە سەرنوسەر یان بەرێوەبەری بەشێك لە دەزگاکانی راگەیاندن ئەوانیش کورو کچەکانی خۆیان و برا و خوشك و خزم و کەسی خۆیان کردونەتە نووسەر و رۆژنامەنووس و پەیامنێر بۆیە زۆرجار شتەکان زۆر بەکرچ وکالی بڵاودەکرێنەوە، بێگومان ئەمەش جۆرێکە لە گەندەڵی کە بەرۆکی میدیای گرتۆتەوە.

دەزگاکانی راگەیاندن ئەوانەی لەسەر دەسەڵات دەژمێردرێن زیاتر خەریکی پێدا هەلگوتنن و کەمتر خەریکی دەرخستی کەموکورییەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، بە پێچەوانەوەش ئەو دەزگایانەی خۆیان لەسەر بەرەی ئۆپۆزسیۆن یان سەربەخۆ دەژمێرن، زیاتر خەریکی رەخنەگرتنن بەداخەوە زۆرجار رەخنەکانیان نابەجێن و دوورن لەراستییەوە، راستییەکان وەك خۆی کە هەن بڵاوی ناکەنەوە کە ئەمەش دژی ئیتیکی کاری رۆژنامەوانییەو و  لەگەڵ پرەنسیپەکانی  ئازادی رۆژنامەوانی یەك ناگرنەوە، راستییەکان زۆرجا وندەبن و هاوڵاتیش توشی سەرلێشوان دەکەن و نازانن چۆن متمانە بە هەواڵەکە بکەن.

بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت شتەکان بەراستی وەك خۆی کە هەن بە هاوڵاتیانی کوردستان رابگەێنرێت و نووسینەکان تەنیا بۆ پێدا هەلگوتن و شاردنەوەی کەموکوریەکان نەبێت، یان تەنیا رەخنەگرتن و ناشیرینكردنی شتە جوانەکان و شێواندنی راستییەکان نەبێت. دەبێت رەخنەکانمان بۆ مەبەستی گەیشتن بە راستیەکان بێت و بە ئامانجی بونیادو گۆڕان ، بە ئاراستەی چاکسازی و بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت.

masifi_77@yahoo.com